لاهور تاوبانی یادی تیرۆری هاوکار جاف دەکاتەوە "تائستا بکرانی ئەم تاوانە سزایان وەرنەگرتوە"



لاهور شێخ جەنگی، سەرکی بەرێی گەل یادی تیرۆرکردنی عەقید هاوکار جاف دەکاتەوە و لە تۆی کەمپەینێتی فەیسبووک نوسیوێتی، ئەمرۆ ساڵڕۆژی تیرۆری سەرکردەی جوانمەرگ عەقید هاوکار جافە، ساڵڕۆژی ئەو تاوانە گەورەیەیە کە بەرامبەر یەکێک لە جەنگاوەرە ئازاکانی شۆڕشی داعش کراو و تیرۆرستانە و ترسنۆکانە بە بەرچاوی خزانکێیەوە، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە دڵنداترین شێوە تیرۆرکرا.

هەروەها نوسیوێتیش، بەداخەوە وەک زۆر تاوانی دیکە هێتا ئێستا بکەرانی ئەم تاوانە قێزەونە نامرۆڤانەیە سزای یاسایی خۆیان وەرنەگرتوە و دەستگیر نەکراون، هێتا ئیستا و پاش تێپەبونی دوو ساڵ بەسەر تاوانەکەدا دەستی حزب درۆژتر بوە لەدەستی یاسا و لە تاوانی لەمجۆرەدا رون و ئاشکرا دەردەکەوێت کە یاسا سەروەری تەنها دروشمی حزبە دەسەڵاتدارەکانە و هیچیتر.

بەڵاشکاویەوە دەڵێم ئەم ئەگدری تیرۆرە بە تۆڵە و سزا هەرگیز داناخرێت، ئەم خوێنە بەناحەق ڕژاوە ڕۆژێک دێت کە وەردەگیرێنەوە و بکەرانی ئەو تاوانە ڕاپێچی زیندان دەکرێن و سزای شایستەی خۆیان وەردەگرن، 20ی ئۆکتۆبەر، ڕۆژی حەق و حیسابە لەگەڵ بکوژانی عەقید هاوکار جاف، ئاسودەبە پشتیوان بە خوای گەورە حوکمی گەل بەجێیە، لاهور تاوبانی وا دەڵێت.

زانیاری زیاتر...

ڕۆژی 7ی تشرینی یەکەمی 2022 لە شاری هەولێر، لە ڕێگەی بەمبی لکێنراوەوە بۆ ئۆتۆمبێلێکی، عەقید هاوکار جاف کرایە ئامانج، لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدا و چەند کەسکی خزانکشی بریندار بوون.

هاوکار جاف، عەقیدێکی دەزگای دژە تیرۆری سلەمانی بوو و دەزگا ئەمنییەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، دان پێدانان و گرتەی ڤیدیۆیی چەند ئەفسەرێکی دەزگای دژە تیرۆری یەکێتییان بڵاوکردەوە، گوایە ئەوان لە پشت ڕووداوی "تیرۆر"کردنی عەقید هاوکار جافن، بەڵام دواتر دەزگای دژە تیرۆری یەکێتیی لە ڕاگەیەنراوێکدا، بەرگری لە ئەفسەرەکانی کرد و گرتە ڤیدیۆیە بڵاوکراوەکانی بە سیناریۆ ناوبرد.